


# لە دارستاندا مردن نییە

**هاشم سەڕاج**

«لە دارستاندا مردن نییە» ڕۆمانێکی «لەتیفە تەکین»ـە.. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکییەکی کورتیشی لە بارەی ڕۆمانەکەوە نووسیوە، لەتیفە تەکین بە نەوەی هەشتاکان دادەنرێت و ساڵی ١٩٥٧ لە تورکیا و لە شاری «قەیسەری» لە دایک بووە و لە ئەستەنبۆل ژیاوە و خوێندنی تەواو کردووە.

وەک لە پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردیدا هاتووە، ئەم ڕۆمانە بە گوێرەی پێوەرەکان دەچێتە خانەی ڕۆمانی «پۆست مۆدێرن»ـەوە سەرەتا و کۆتایی دیار نییە، لەتیفە تەکین ئازار و خەونە تێکشکاوەکانی دوو هاوڕێ دەنووسێتەوە و لە هاوڕێتی و خۆشەویستی ئەمین و یاسەمین دەدوێت، ئەمین شێوەکارە و وازی لە هونەرەکەی هێناوە، یاسەمین چیرۆکنووسە و چیرۆکەکانی بڵاو ناکاتەوە و بڕوای بەهیچ نەماوە و ڕاستییەکان لە گێڕانەوەی خەونەکانی ئەمیندا دەبینێت، هەردوو کارەکتەر لەناوەوە هەست بە ئازار و نیگەرانی دەکەن، بۆیە هەڵدێن و ڕوو لە دارستان دەکەن.

(دارستانی خەونەکان)ی لەتیفە تەکین لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆری بە چەمکی خەون داوە و شوێنی گێڕانەوەی گرتۆتەوە، «ئەمین»ی شێوەکار پێیوایە خەو بیرکردنەوە و ڕوانینەکان بەهێز و فراوان دەکات، لەتیفە تەکین لەم تێکستەدا توخمی کات و شوێن و گرێچنە و دەسپێک و کۆتایی فەرامۆش کردووە، لە شوێنی ئەم ڕەگەزانەدا بایەخی بە خەون و دیالۆگ و دیمەن و گرتە و زمانی وێنە و ڕستەی شیعری و پارادۆکس و وەسفگەرایی و گەمەی ئاماژەکان داوە، ئەمین و یاسەمین لە دارستانەکەدا بەدوای گەڵای دەگمەن و ناوازەدا دەگەڕێن و کۆکردنەوەی گەڵاکان یەکێکە لە خولیاکانی ئەمین، ئەمین شێوەکارێکی گومانکاری گۆشەگیرە و بڕوای بە پێوەندی کۆمەڵایەتی نەماوە و لە دارستاندا بەدوای ئارامی و بێدەنگی و خۆشنوودی خودیدا دەگەڕێت، «یاسەمین»یش بە هەمان شێوە کچە چیرۆکنووسێکی گەنجە و بڕوای بە هیچ نەماوە و ڕاستییەکان لە گێڕانەوەی خەون و زیندە

خەونەکانی ئەمیندا دەبینێت، (ئەمین)یش لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەونەکانەوە دەیەوێت درێژە بە هاوڕێیەتییەکەی یاسەمین بدات، هاوکات یاسەمین هەوڵ دەدات ئەمین لەم وەهم و ڕەشبینییە ڕزگار بکات کەشی گەشت و سەیرانی نێو دارستانی خەونەکان، زۆرتر لە ڕووی لێڵی و ئاڵۆزییەوە لە جیهانی زمان و ئاماژەکان دەچێت و پێویستی بە بیرکردنەوە و تێڕامانە، ئەمین لە ڕێگەی فەلسەفەی ئەپیکۆرییەوە چێژی ڕوحی لە هاوڕێیەتی یاسەمین دەبینێت و خەونەکانی بۆ دەگێڕێتەوە و هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات و لە جۆر و تایبەتمەندی دار و درەختەکان دەدوێت، دار کونار، بەڕوو، کەوت، کاژ، فستق، دار هەڤریسک، گەڵای گوڵە خەزێم، کوارگ، ژاژ و قەوزەی نێوگۆل و دەوروبەری درەختەکان جار جار یاسەمین بە پرسیار گەلێک دەیوروژێنێت پرسیار لە بارەی کات و شوێن و مەرگ و عیشق و جوانی و بیرچوونەوە و...تاد. ئەمین پێیوایە کاریگەرترین چەک بەرانبەر بە مردن عیشقە و عیشق تیشکە و ناگیرێ و مێشکی مرۆڤ لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی دەبات، یاسەمین کچێکی گەنجە و بیست ساڵ لە ئەمین بچووکترە، ئەمین خاوەن هەستێکی خەفەتباری جوانییە، چێژ لە جوانی گەڵاکان دەبینێت، پێیوایە ئەوە جوانییە ژیانمان پێ دەبەخشێت، هاوکات نوقمی هەستێکی بێهوودەییە و وای بۆ دەچێت هەموو شتێک بێ مانایە، لەم هاوکێشەیە گەیشتین دەبێتە مایەی دڵنیایی و ئارامی، ئەمین چێژ لە جوانی گەڵای گوڵە خەزێم و گیای سورنجان دەبینێت و لە ناخڕا شەیدای دیمەنی جوانە، ئەمین لە دارستاندا پێوەندییەکان شی دەکاتەوە، پێوەندی نێوان گەڵاکان و گەواڵە هەورەکان، پاشان لە هێزی «با» دەدوێت، کاتێک با هەڵیکرد لە جیهاندا درەخت بوونی نەبوو، گڕکان، با، گەڵا، گەڵای وشکەوە بوو. زەل و ژاژ و کاژ و تووتڕک و شێوەی جیا جیای گەڵاکان و گڤە و هاژ و هووژی با.. گرنگی بە پێوەندی دار و با دەدات، یاسەمین دوای مردنی دایکی دووچاری ترس هاتووە، ترس لە ژیان، ترس لە مردن، یاسەمین چیرۆک دەنووسێ و بڵاوی ناکاتەوە، دەقی دارستان زۆر بە وردی کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت و وەڵامەکان بۆ وەرگر جێ دەهێڵێت، تەنانەت لە ڕووی ئامـــــــاژەوەش واتای ناوی کارەکتەرەکان جۆرێک لە پێوەندی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تێکست دروست دەکەن و ڕەهەندێکی تایبەتی پێدەبەخشن.

ئەمین شێوەکارێکە لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە جێگەی بڕوایە، یاسەمین جۆرە گوڵێکی جوانە و پێوەندی بە دارستانی خەونەکانەوە هەیە، «یورد» نیشتمان، خاک، پەیکەرتاشێکی بێ باکی بوهیمییە و هەمیشە مەستەو سەردانی ماڵی چەندان ژن دەکات کە تەنیان و پەیکەرەکانی لە ماڵی ژنەکان دەدۆزرێنەوە، «گێجە» هاوسەری «ئەمین»ـە و ناوەکەی واتای شەو دەبەخشێت، ئافرەتێکی بەزەوق و شیک و ژیاندۆستە، ژوورەکەی پڕاوپڕە لە جلوبەرگی جوان و کەرەستەی جۆراوجۆری ئارایشت.

«زومڕود» کچێکە و پێشتر هاوڕێی ئەمین بووە و جوانە و واتای ناوەکەی جۆرە بەردێکی گرانبەهایە و حەزی دەکرد و سوود لە ناوبانگی ئەمینی شێوەکار وەربگرێت. «یەشار» ناوی ئەو گەماڵە، یان ئەو گۆڵە سەگەیە کە زۆرجار لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ دەدرێت، یان وەک دیمەنێک لەبەر دەرگا و پەنجەرەکان دەوەستێت یەشار واتە دەژی، چەمکی ئەم ناوەش لەگەڵ بۆچوون و ڕوانینە بوونگەراییەکانی ئەمین تێکەڵ دەبێت، [چۆن بژین، ژیانێکی چۆن بەسەر بەرین] ئاخر ئەمین پشتی لە ژیان کردووە، ئەوە یاسەمینە دەیەوێ لە ڕێگەی عیشق و جوانی و ئەدەب و هونەرەوە بیهێنێتەوە نێو ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەتیفە تەکین لە دەقی دارستاندا ناوی کۆمەڵێک شێوەکاری جیهانی دەهێنێت کە ئەمین وەک هونەر و دنیابینی پێیان کاریگەرە، لەوانە مودیلیانی «١٨٨٤- ١٩٢٠» شێوەکارێکی بەناوبانگی ئیتاڵییە و لە بواری هونەری نوێ و دنیابینی قووڵدا خاوەن قوتابخانەیەکی تایبەتە، فیرمیر «١٦٣٢- ١٦٧٥» شێوەکارێکی هۆڵەندییە و بایەخی بە ڕوانینی ناوەکی و باتینی دەدا و بە شێوازێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ سروشتی شتگەلەکان دەکرد و جۆرێک لە سازانی لەنێوان ڕەنگەکان و کاریگەری تیشکەکاندا دروست دەکرد، هەروەها جۆن

کونستایل «١٧٧٦-١٨٣٧»ی شێوەکاری بەریتانی خاوەن ستایلێکی ڕۆمانسی و بایەخی بە جیهانی لادێکان و دیمەنی سروشت دەدا- ئەمین چێژی لە دیمەنی گەڵاکان و بێدەنگی دارستان دەبینی و تابلۆکانی لەیەک دەچوون و بەشێوازێکی شێتانە شەیدای هونەر و بیرکردنەوە بوو، بە تایبەتی لە خەودا، چونکە لە خەونەکاندا کەس گوێی لە کەس ناگرێت، بەڵام ئەمینی شێوەکار ئێستا بڕوای بە بوونی مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەماوە و پێیوایە تەنانەت باڵندەش لە بۆنی مرۆڤ ڕادەکات، جار جار بیر لە جوانی ڕوومەتی زومڕود دەکاتەوە و لەگەڵای زەردی زێڕینی گوڵە خەزێم ڕادەمێنێت و هەمیشە لە چرکەی هەنووکەییدا دەژیت و بڕوای بە ئایینده نییە و پێیوایە ئەگەر لە دارستاندا مەرگیش نەبێت، بەڵام ئێش و ئازار و مەینەت هەیە و مرۆڤ ناتوانێت لە خەم و نیگەرانی دەربازی بێت، ئەمین کاتێ لەگەڵ یاسەمین لە دارستانەکەدا دەخولێنەوە، جانتاکەی دیوانێکی شیعری تێدایە، ئەمین باوکی دارتاش بووە و کەلوپەلی ناوماڵ و مێزی ئارایشتی بۆ ژنان دروست دەکرد. دەقی دارستان بەردەوام سەرقاڵی یاری ئاماژەکانە و کۆمەڵێک ئاماژە و دەلالەت بۆ لێکدانەوەکانی وەرگر جێ دەهێڵێت، بۆ نموونە پەتە چلکنەکەی یورد، زۆرجار پەتەکە لە گیرفانی دەردەهێنێت و بەدەستەوەی دەگرێت، یان ئەو کورتە بنەیەی کە لەگەڵ پاسەوانی گەراجەکە لە تەنەکەیەکی بۆیەدا ئاگر دەکاتەوە و کۆمەڵێک کاغەز دەسووتێنن. ئەمین بڕوای وایە ئەوەی لە بارەی ژیانەوە دەیزانێ لە خەونەکانییەوە فێریان بووە، لەتیفە تەکین لەم ڕۆمانەدا سوودی لە تێمای شیعرگەرایی شوێن وەرگرتووە کە «گاستۆن باشلار» لە ئیستێتیکای شوێندا جەختی لەسەر دەکات و پێوەندی بە ئارامی دەروونی و گونجان و هۆگری و ئولفەت پێوە گرتنەوە هەیە، زۆرجار ئەمین و یاسەمین لە دارستانەکەدا لەژێر سێبەری فێنکی درەختەکاندا ڕادەکشێن و ئەمین خەونەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، یان کاتێ سواری ئەسپە سپییەکان دەبن و دەڕۆن بەدوای گەڵای گوڵە خەزێمدا دەگەڕێن، ئەسپی سپی هێمایەکی مەلەکییە و چەشنی شاو شابانوو لە دارستانەکەدا خول دەخۆن و ئەمین بە یاسەمین دەڵێ: چۆنت دەوێ ئاوا بنووسە، چۆن دەدوێی بەم شێوەیە بابەتەکان دەربڕە و لەمیان نووسینەوەدا خودی خۆت دەدۆزیتەوە، ئەمین لە یادەوەری دەورانی منداڵ و چەمک و کردەی نووسین و یاری ڕەنگەکان دەدوێت و چ مانایەک لە نووسین و شێوەکاریدا هەیە؟ یان ئەزموون و زۆر زانین لە بارەی شتگەل و خوو بە نووسینەوە گرتن، یاسەمین بە ئازادی دیالۆگی لەگەڵ دەکات و زۆر جۆرە پرسیاری لێ کات و زۆرجاریش کۆک و هاوڕانین.

مەبەست لە بابەتی چیرۆک و کێشەی نووسینە و پێیوایە نووسینی باو و بێ بەهای ئیستێتیکی لە نووسینەکانی ئەو پیاوە دەکا ئەوکاتەی هاتوچۆ نامێنێت، لەسەر کورسی چاودێری ئاودەستەکان دادەنیشێت و ڕۆژانە چی ڕووی داوە دەیخاتە سەر کاغەز، بۆ بەیانییەکەی کاغەزەکان لە تەنەکەیەک دەنێت و ئاگریان تێبەر دەدا و خۆی پێ گەرم دەکاتەوە.

دەقی دارستان لە ڕێگەی وێنە و گرتە و شێوازێکی ئاماژەیی دیمەنێکی سێکسی دەخاتە ڕوو لەوەیە مەبەستی -زومڕود- بێت [شەو و ڕۆژ چاودێری پەنجەرەی ژنەکە دەکەم، شۆرتێکی لە پێدایە، کراسێکی قۆڵ تا شان کورتی لەبەردایە، شووشەی پەنجەرەکەی دەسڕێ] خۆی و سەگەکەی کە یەشاری ناوە لە دەرگەی ژنە نزیک دەکەوێتەوە و تەق تەق لە دەرگا دەدا و دەچێتە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخاو شەو لەگەڵ ژنەکە بەسەر دەبا و یەشاریش تا بەیانی لەدەرەوە دەوەڕێ- دەقی دارستان وێڕای جەختکردنی لەسەر دوو کارەکتەری سەرەکی ئەمین و یاسەمین، لە هەمان کاتدا چەند کارەکتەرێکی لاوەکی هەن. لە ڕووی کردە و ڕەفتار و کەسایەتییەوە سەرنجڕاکێشن، بۆ نموونە «یورد» وازی لە وێنەکێشی و پەیکەرتاشی هێناوە و ماوەیەکە بێ کارەو بەردەوام دەخواتەوە و داوای قەرز لە «بیرکان» دەکات، کەچی بیرکان خۆی پارە و مارەی نییە، یورد ژنی نەهێناوە و هەمیشە جلوبەرگی جوان و شیک لەبەر دەکا و کەشخە و ڕێکوپێک سەردانی ماڵی ژنە خانەدانەکان دەکا، زۆربەیان سەرەژن و خاتوون و بەتەمەن و تەنیان، لە ماڵەکانیاندا

دەخەوێت و خۆش ڕادەبوێرێت، یورد دەستی لە مامۆستای هەڵگرتبوو چاکەتێکی قەدیفە لەبەر دەکا و لە قاوەخانە دادەنیشێت و چاکەتەکەی لە باپیرییەوە بۆی ماوەتەوە، کەس زات ناکات پرسیاری لێ بکات و بڵێت ئەم پەتە قرێژاوییە چییە، یورد پەیکەرەکانی لە ماڵی ژنە خانەدانەکان بەجێ دەهێشت. یورد ڕوومەتەکانی درەوشایەوە و بە ئەمینی گوت «ئەم ئێوارەیە لەگەڵ مندا بمێنەوە هەست بە ئازارێکی کوشندە دەکەم، دەبێ شوێنی ماڵەکانت پێ نیشان بدەم» بەشێک لە ژنە خانەدانەکان دەستیان بەسەر پەیکەرەکاندا گرتووە، یان «ئۆڤگو»ی برادەری ئەمین، کەسایەتییەکی سەیرە لە بان بینایەکەوە خۆی هەڵدەدا و دەمرێت، ئەمین لەبەردەم خۆکوژییەکەی ئۆڤگودا هیچ هەستێک دایناگرێت، چونکە خۆی لە بارودۆخێکی بێهوودەیی نیهیلستیدا دەژیت، هەروەها دەق بە وردی لە چۆنییەتی مردنی ئەو گەنجە دەدوێت کە یاسەمینی خۆش دەویست، یان ئەو هاوڕێیەی ئەمین کە لە زانکۆ بەیەکەوە دەگەڕان، زۆر مەراقی چەک و تەقەمەنی بوو ڕۆژێک لە زانکۆ دەچێتە سەربانەکە و خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و دەمرێ، ئەم کردە خۆکوژییە لە زانکۆ بەردەوام دەبێ و هەر مانگێک یەکێک خۆی فڕێدەدایە خوارەوە، لەلایەکی دیکەوە یاسەمین هەوڵ دەدات ئەمین واز لە دنیای دارستان و سروشت بهێنێت و بگەڕێتەوە نێو خەڵک و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمین پێی دەڵێ من بۆیە پێوەندیم لەگەڵ گێجە و زومرود تێکچوو، چونکە دەیانویست بگەڕێمەوە نێو ئاپۆرەی خەڵک، ئەمین شێوەکارێکی گومانکار و نیگەران و خودبییە و وازی لە وێنەکێشان هێناوە و بڕوای بە واتای بوون نەماوە. بەشێوەیەکی جیاواز پێناسەی کات و پەیڤین دەکات و پێیوایە قسەکانی جۆرە وڕێنە کردنێکەو هاوڕێیەتیش لایەنی دیار و ئاشکرای نییە، ئەمین بڕوای وایە لە هاوڕێیەتیدا بابەتی نێرومێ تێدەپەڕێنرێت، وەک هاوڕێیەک مامەڵە لەگەڵ یاسەمین دەکات و بە هەستێکی ئیستێتیکی قەدەر و چارەنووسی خۆی پێ دەسپێرێت «ڕۆژێک گەڵایەک لێ دەکەمەوە، بەنێو چەوانمەوەی دەلکێنم، تۆش قەدەری خۆمی لەسەر بنووسە» ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەفسانە لاهووتییەکەی درەختی تەمەن کە ناوی هەر کەسێک لەسەر گەڵایەکدا نووسراوە و هەر جارێ گەڵایەک لەم درەختە هەڵدەوەرێت.. ئەمین گەڵای گوڵەزەنبەق و گوڵە خەزێمی لەنێوان لاپەڕەکانی دیوانێکدا دادەنا و کاتێ گەڵاکە وشک دەبێوە ڕەنگ و شێوەی دەگۆڕا، یان لە سندووقێکی تایبەتیدا گەڵاگەلێکی دەگمەن و ناوازەی دەپاراست و زۆرجاریش بە دەمبووس لە دیواری ژوورەکەی هەڵیدەواسین، لەنێوان گەڵاکانیشدا تابلۆکانی «شیشکین»ی شێوەکاری ڕووسی دادەنا، ئەمین پێیوایە «با» شێوەی گەڵاکان دیاری دەکات، لەتیفە تەکین لەم ڕۆمانەدا زۆرتر ئاماژە بۆ ئەو شێوەکارانە دەکات لە هزر و ستایلیان لە دنیای سروشتەوە نزیکە «ئیڤان شیشکین ١٨٣٢-١٨٩٨» شێوەکارێکی ڕووسییە و بایەخی بەدیمەنەکانی سروشت و شێوەی دارستانەکان داوە، بەڵام ئەمین شێوەکارێکی گومانکار و ڕاڕا و نیگەرانە، بڕوای بە بوونی مرۆڤ نییە «مرۆڤ خەڵقەندەیەکی زۆر نەگریسە، بۆ پاراستنی خۆی دەتوانێ هەموو شتێک لە بیر بکات و لەبیربەرێتەوە، دەترسم ڕۆژێک ئەو گەڵایانەی کۆم کردوونەتەوە هەموویان فڕێ بدەم، تۆ بیر لەوە بکەرەوە ڕۆژێک هەمووی بسووتێنم].

لەتیفە تەکین ئەم ڕۆمانەی بەشێوە و ستایلی بەش بەشی کورت کورت نووسیوە، هەندێ لە بەشەکانی هەڵگری ناوونیشانن، کەچی بابەتی بەشەکان پێوەندییان بە ناوونیشانەکەوە نییە، وەک ئەو بەشەی «یورد و گێجە» تێیدا لە عیشق و هاوڕێیەتی ئەمین و یاسەمین و کۆکردنەوەی گەڵاوتۆوی دوو فیلقانە و دنیای دارستان و کردەی نووسین دەدوێت، لە ڕوویەکی دیکەوە لە بێگەردی و خۆشباوەڕی گێجەی هاوسەری ئەمین دەدوێت، یاسەمین دوای مەرگی دایکی خەم دایدەگرێت و دووچاری خەمۆکی و دڵتەنگی دێت، ئەمین و گێجە هاوخەمی دەبن و گێجە خواردنی خۆش خۆش لێدەنێت و لەگەڵ یاسەمین لە دەوری خواردنەکە کۆ دەبنەوە، پاشان ئەمین و یاسەمین لەسەر عەرد دادەنیشن و وێنە و کتێبە هزرییەکان لە باوەشیان دەنێن و دیالۆگی قووڵ و بێ کۆتا ئەنجام دەدەن، کەچی گێجە گوێ بۆ

گفتوگۆکانیان ڕانادێرێت و لە باڵە کۆنەکە «ڕاقی» دەنۆشێت و بە ئەمین دەڵێت «دڵی کچەکە ڕەش مەکە، خۆی هەمیشە دەترسێ».. گێجە بە هیچ شێوەیەک نە لە ڕوخساری و نە لە دەنگیدا غیرەی لێ دەرناکەوێت و لای ئەو پێوەندییەکەی ئەمین و یاسەمین لە هاوڕێییەکی پاک و بێگەرد بەولاوە هیچی تر نییە، دەکرێ لێرەدا لە واتا نەگوتراوەکانی دەق بدوێنم کە تێکست بەشاراوەیی و دواخراوی و نەگوتراوی دەستی لێ هەڵگرتووە، یان ئەوەتا بە شێوەی ئاماژە، یان دەلالەتی شاراوە جێی هێشتووە، بە تایبەتی دەلالەتی ئەو واتا نەگوتراوەی کە پێوەندی بەچۆنیەتی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گێجەی هاوسەری ئەمینەوە هەیە، گێجە پێچەوانەی ئەمینە، ئەمین پشتی لە ژیان کردووە و لە خەون و ئەندێشەدا دەژیت کەچی گێجە ژنێکی بەزەوق و نەشئەباز و دیۆنیزیۆسینە ئەم سیفەتانەی گێجە لە کەلوپەلە لە جوانکارییەکانی ژوورەکەیەوە دیارن، یان بەشێوەیەکی تر کەلوپەلەکان خۆیان دەدوێن و ئاماژە بۆ ژیانە باخۆسییەکەی گێجە دەکەن.

کراسە لە پێست دروستکراوەکانی، چاکەتە قەدیفەکانی، گوارە و ملوانکە و جلە مەخمەڵییەکانی، بارۆکە و پانتۆڵ و کۆلۆن و پۆتین و پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی، پشتوێن و پۆدرە و مەڵحەم و فڵچە و شووشەی عەترەکانی شەپقە و پەردە دانتێلاکانی ژوورەکەی، گێجە هەندێ شەو مەست دەبوو، دەستی بە گۆرانی وتن دەکرد، عودەکەی کە بەدیوارەوە هەڵیدەواسی، دایدەگرت و بەدەنگێک کە لە ناخەوە دەردەچوو یەکێک لە گۆرانییە کۆنەکانی دەچڕی، کەواتە گێجەش چەشنی ئەمینی مێردی لە ڕووی پێوەندییەوە ژنێکی ئازاد و بێ پەروایە، لەوەیە پێوەندی ئەڤینی و سێکسی لەگەڵ یوردی پەیکەرتاشدا هەبێت، یورد شێوەکار و پەیکەرتاشێکی بوهیمی، هەمیشە مەستە و زۆرجار لەماڵی ئەو شۆڕە ژنانەدا دەخەوێت کە تەنیان و تامەزۆری سێکسن، هەر لەویاش چەند پەیکەرێک بەجێ دەهێڵێت، دەکرێ ئەم پێوەندییە سێکسییەی نێوان یورد و گێجە لەناوونیشانی بەشێکی کورتی ڕۆمانەکە هەڵێنجین، کە بەنێوی «یورد و گێجە»ـەوە نووسراوە، کەچی لەنووسینەکەدا بە هیچ شێوەیەک ناویان نابردرێت، ئەمە دەلالەتی واتای نەگوتراوە وا لە وەرگر دەکات پەی بەم پێوەندییە ئیرۆتیکییەی نێوان یورد و گێجە بەرێت، چونکە دەقی دارستان لە زۆربەی بەشەکاندا کار لەسەر دیمەن و هێما و ئاماژە و بارادۆس دەکات.. کچ و کوڕێکی عاشق لە شەقامدا ڕێ دەکەن، ئۆتۆمبێلێکی خۆڵ و خاشاک بەدوایانەوەیە.. یان بەشێوازێکی ئاماژەیی لە مەرگی ئەو گەنجە ٣٣ ساڵە دەدوێت کە یاسەمینی خۆش دەویست، هەروەها هێزی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کە دڵ و دەروونی یاسەمینی داگرتووە، بە تایبەتی دوای مەرگی دایکی، ڕاستە لەم ڕۆمانەدا خەون و زیندەخەون شوێنی گێڕانەوە دەگرنەوە، بەڵام دارستان خۆی لەخۆیدا لە فەزای خەونێکی ئاڵۆز دەکات، ئەمین وێڕای ئەوەی لە دارستاندا بەدوای گەڵای گوڵە خەزێم و گوڵە ئاو و گوڵە زەمبەقدا دەگەڕێت و دەیەوێت چێژ لە بوون و دیمەنی جوانی وەربگرێت، بەڵام هەرگیز دەلالەتی ئەوەت لەلا دروست نابێت کە گەشت و سەیرانەکەی ئەمین و یاسەمین گەڕانەوە بێت بۆ خودی سروشت، بەڵکو ئەم گەشتە دارستانییە لەدەرەنجامی یارییەک هاتۆتە کایەوە کە پێوەندی بە خەون و جوانییەوە هەیە، لە هەمان کاتدا بابەتی مردن لەم ڕۆمانەدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، [لە بەرانبەر مردندا دەستەوسان بوون.. مردن دەمانخەوێنێت... ئەگەر مردن نەبوایە بۆ هەموو شەوێک ئاوا دەخەوتین؟ ترسی گەورەمان لەوەدایە بخەوین و هەڵنەسینەوە].

هەروەها دەق بایەخێکی زۆری بە توخمی وەسفگەرایی و وێنەی شیعری داوە، [جلی خەوتنی لەبەردا و جۆرابێ کورت لەپێدا، نینۆک بەسوورمە بۆیە کراوە]، [چەند دڵۆپێک ئاوی هەنار بەسەر پلاوەکەدا] یان ڕستەگەلێکی فەلسەفی دەردەبڕدرێت [ئەگەر ڕوومان لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکییە، باشە دوای ڕووناکی چی دێت؟ ئەمین وتی: (زومرود سێ ڕێگەمان لە پێشدایە، یەکەم هەر ئێستا لەیەک جیا ببینەوە، ئیتر جارێکی کە یەکتر نەبینینەوە، دووەم، هەر ئێستا لێرە دەرچین و بۆ خۆمان لێرەو لەوێ بژین، ڕێگەی سێیەم، ئەوەیە پێکەوە خۆمان

بکوژین] ئەمین وتی [بێهوودە.. هەموو شتێک بێمانایە.. ئەگەر لەمە گەیشتین مایەی ڕەحەتی و ئارامییە] دەقی دارستان هەڵگری کۆمەڵێک هزری بوونگەرایی و پرشنگی نیهیلستییە. ئەمین «من بەوە شادمانم کە لە خەڵکی ڕزگارم بێت وەک، کاتێک بگەڕێینەوە دەکەوینە ناوچییەوە، ئێمە لێرەدا بە ئارەزوو ویستی خۆمان دەگەڕێین.. ئەمە چ جوانییەکە لەمە زیاتر چیمان دەوێت ڕەنگە تۆ [یاسەمین] دڵتەنگ بیت بەوەی کاتەکەمان لەناو ئەم دارانەدا بەسەر دەبەین].

بەڵام یاسەمین پێیوایە [بەڕای من مرۆڤ هێز و توانایی لە مرۆڤەوە وەردەگرێت، تۆ دەڵێی لەناو دارەکاندا بەختەوەرم... یاسەمین هەوڵ دەدا ئەمین لەم خەون و وەهم و ئەندێشەی ڕەشبینی و نائومێدییە ڕزگار بکات و بیگەڕێنێتەوە نێو ژیان و بچن بەیەکەوە لە قاوەخانەکان دابنیشن و لە سینەما سەیری فیلم بکەن و جار جار لە بارەکان [ڕاکی] بنۆشن، بەڵام ئەمین لەگەڵ ئەوەی بە هاوڕێیەتی یاسەمین شاد و بەختەوەرە، کەچی زۆرتر بیر لە جوانی زومڕود دەکاتەوە و چێژی لێ دەبینێت، ئەمین شێوەکارێکی سەیرە لە دەورانی هەرزەکاریدا بە مەرەکەبی چینی وێنەی لەسەر پارچە مقەبای بچووک بچووک دەکێشاو لە گیرفانی دەنان و بەسەر گارسۆن و پۆستەچی و شوفێرەکاندا دابەشی دەکردن، بەڵام ئەمین هەمیشە بیر لە یادەوەرییەکانی گێجە و زومڕود دەکاتەوە و چرکەگەلێک لە نائاگاییەوە ئازاری دەدەن، ژنەکەی بیر دەکەوێتەوە، هەروەک هەژدەساڵی پێکەوە بوونیان هیچ خۆشییەکیان لەیەک نەبینیوە، ئەی هەڕەشە و جوێنەکانی زومڕود بە یاسەمین- ئەمین لە دەورانی منداڵییەوە و لە ڕێگەی تابلۆکانی «فیرمیر»ـەوە حەز لە سروشت و ژیانی لادێی دەکات و حەز دەکات ژنێک بدۆزێتەوە و بچن بە یەکەوە لە گوندێکدا بژین و حەز دەکات لە ژیانێکدا بژین وەک لە تابلۆکەدا دەرکەوتووە، پێیوایە ڕەنگە تەنیا «گێجە» بیتوانیایە بۆ ئەو دێیە بڕوات.. لەگەڵیدا بژیت.. یاسەمین دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە نێو شار و بەیەکەوە لە ماڵەکەی یاسەمیندا دەژین [ڕەنگە یورد چاوەڕێم بکات، سبەی بەدوایدا دەگەڕێم و دەیدۆزمەوە]

ئەمین ڕقی لەخۆی دەبێتەوە [من کەسێکی هیچ و پووچم... نازانم بۆچی دەژیم.. هەموو شتێک بێ مانایە.. کارێکە تا بڵێی پیس و قێزەون، هەموو شتێکیش بێهوودەیە] لەتیفە تەکین لەم تێکستەدا وێڕای کارکردنی لەسەر هزر و فەلسەفەی بوونگەرایی و هەستی نیهلیستی و چەمکی عیشق و جوانی و خەون و فەنتازیا، لە هەمان کاتدا بایەخی بە کۆمەڵێک چەمکی دیکەش داوە و پێناسەی نوێ و جیاوازی بۆ کردوون لەوانە- چەمکی کات و بیرچوونەوە و بیرکەوتنەوە، خێرایی تیشکی خۆر و خێرایی شەپۆلەکانی دەنگ و بابەتی دەربڕین و سیستمی زمان، جینات و شێوەی جوانی جەستە، هەروەها ئاماژەدان بە «کتێبی مردووان» و شانۆگەری کتێبی مردووەکان، بەڵام بەشێوازێکی هێمایی مامەڵەی لەگەڵ چەمکەکان کردووە و ئاماژە و دەلالەتی واتا گوتراو و نەگوتراوەکانی بۆ لێکدانەوە و ڕاڤە و شیکردنەوەی «وەرگر» بەجێ هێشتووە، هەڵبەتە لەتیفە تەکین لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە لەوانە، کتێبی زانستی، ڕووەکناسی، زیندەوەرزانی، وێڕای کتێبگەلێک دەربارەی هزر و فەلسەفەی بوونگەرایی و پووچگەرایی.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: لە دارستاندا مردن نییە**

**بابەت= ڕۆمان**

**نووسینی: لەتیفە تەکین**

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

**چاپی یەکەم: چاپخانەی «سەردەم» ساڵی ٢٠١٤، کوردستان- سلێمانی.**